## دەلال زاخۆیی:

# حەزدەکەم ببم بە هونەرمەند



**لەماوی ١٠ ساڵدا تەنیا چوار گۆرانی هەیە و خاوەنی جەماوەرێکی زۆرە هونەرمەند دەلال زاخۆیی وەك خۆی لەم دیمانەیەدا باســی دەکات لەماوەی ١٠ ســاڵی رابردوودا تەنیا چوار گۆرانی هەیە و ئەمساڵ خەریکی کارکردنە لە ئەلبومێکی نوێ کە بەنیازە لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١١ بڵاوی بکاتەوە. ئەو جگــە لەوەی دەنگێکی خۆشــی هەیە، لەهەمان کاتــدا توانیویەتی بوونی خۆی بســەلمێنێت و بە تەنیــا چوار گۆرانی ببێتە خاوەنــی جەماوەرێکی زۆر لە دهۆك و ســەرجەم شارەکانی کوردستان. لەم دیمانەیەدا دەلال زاخۆیی باسی وردەکاری ئەلبومەکەی دەکات و چەند بابەتێکی دیکە بۆ خوێنەران روون دەکاتەوە.**

*** کارکردنت لە ئەلبومێکە نوێیەکە بەکوێ گەیشت؟**

_ بەڵێ، لەمانگی نیســانەوە دەســتم کردووە بە تۆمارکردنی گۆرانییەکانی ئەلبومەکەم کە بەنیــازم لە نەورۆزی 2011 بڵاو بکەمەوە. ئەو ئەلبوومە لە 13 تراك پێکهاتووە. دوو گۆرانی بە ســۆرانییە، ئەلبوومەکەش لەبەرهەمهێنانی کۆمپانیای (Art Colors)ـە.

***چەند گۆرانیت تۆمارکردووە و چەندی ماوە؟**

_نــۆ گۆرانیم تەواو کردووە و هەموو کارەکانی تەواو بووە، تەنیا دەنــگ و کۆرس مــاوە، چوار گۆرانیش مــاوە کە دواتر تۆماریان دەکەم.

***بەنیازیت چەند گۆرانی کلیپ بکەی؟**

_راســتیەکەی کۆمپانیای ئارت کەلەرس بڕیاری داوە ســەرجەم گۆرانییەکان کلیپ بکات لەبەر ئــەوەی بەرهەمی ئــەو کۆمپانیایەیە نەك بەرهەمی خۆم، 30 هــەزار دۆلاریان تەرخان کــردووە بــۆ ئەلبومەکە. ئەوان وتیان حەز دەکەین هەموو گۆرانیــەکان کلیپ بکەیت لەبەر ئــەوەی هەموویان خۆشــن، ئەو کۆمپانیایە بەنیــازە تەلەفزیۆنێــك بکاتەوە.

***تــۆ چــۆن دەڕوانیتە رۆڵی ئەو کۆمپانیایە؟**

_کۆمپانیایەکی زۆر باشە، کەسم نەبینیوە وەك ئەوان بێت، ئەوانــەی لەو کۆمپانیایە کار دەکەن زۆر بەڕێزن و یەکەم ئەلبوومی منە ئەوان بەرهەمی دەهێنن.

***باشتر نییە کۆمپانیاکانی دیکەش هەمان هەنگاوی ئەو کۆمپانیایە بگرنە بەر؟**

_ بەڵێ زۆر باشترە لەبەر ئەوەی هونەرمەند ناتوانێت

سێ دەفتەر یان چوار دەفتەر لەئەلبوومێك خەرج بكات، دواتر سـیدیەكە كۆپی دەكرێت و مافی خۆی بەدەست ناهێنێتەوە.

***سەرەتا چەند گۆرانی كلیپ دەكەی؟**

_سەرەتا باشـترین دوو گۆرانی كلیپ دەكەم، دوای بڵاوبوونەوەی سـیدیەكەش گۆرانیەكانی دیكە كلیپ دەكەم.

***پێتوایە گۆرانی لە كوردستان كلیپ بكرێت باشترە یان لەدەرەوە؟**

_من بڕوام بەوە نییە بچیتە ئەستەنبوڵ لەسەر دەریا و ناو شـەمەندەفەر و ئەو شوێنانە كلیپ بكەی، پێموایە ئەگـەر گۆرانی خۆش بێت و دەنگی گۆرانیبێژەكە خۆش بێت، لەهەر شوێنێك كلیپی بۆ بكات سەركەوتوو دەبێت.

*لەو ئەلبوومەدا هیچ گۆرانی دیوێتۆ هەیە؟

_ئەو گۆرانیەی من و دڵنیا قەرەداغی بەیەكەوە وتوومانە لەو سیدیەشدا بڵاو دەبێتەوە، لە كۆمپانیا پێیان باش بوو ئەو گۆرانیە لەسیدیەكەدا هەبێت، هەرچەنـدە لەوانەیە لەداهاتـوودا من و ئاڤان جەمال گۆرانیەكـی دیوێتۆ بڵێین، بەڵام جارێ هیچ دیار نییە.

***پێتوایە لەستایلی خێرا سـەركەوتووتری یان ستایلی غەریبی؟**

_ زیاتر خۆم لەسـتایلی رۆمانسی و لەسەرخۆ دەبینمـەوە، ئـەوە قسـەی خۆمە و قسـەی جەماوەریشـە، لەناو سـیدیەكەدا سێ گۆرانی خێرا هەیە.

***خۆشـترین سیدی ساڵی 2010 كام سیدی بوو بە رای تۆ؟**

_زۆر سەرسام بووم بە سیدی نازدار جزیری.

***لەماوەی 10 سـاڵ تەنیا چـوار گۆرانیت هەیە؟ ئەوە چۆن دەبینی؟**

_ بەرهەمـم زۆر كەمە، لەماوەی 10 سـاڵ چـوار گۆرانیـم هەیە نەك سـیدی ئەوە زۆر زۆر كەمە. پارەی پێویسـتم نەبوو ئەلبووم بڵاو بكەمەوە هەتا ئەو كۆمپانیایە پێوەندیان پێوە كردم وتیان جەمـاوەرت زۆرە ئامادەین ئەلبوومەكەت بەرهەم بهێنین. من زیاتر سـەرنجی چۆنیەتی دەدەم نەك چەندێتی، پێم باشە گۆرانیەكی باش بڵاو بكەمەوە نەك سیدیەكی خراپ.

***ئەو چوار گۆرانیە بەناوی چین و ساڵی چەند بڵاوت كردونەتەوە؟**

_یەكـەم گۆرانی بەناوی ژوان بوو، لەسـاڵی 2000، دووەم گۆرانـی ئەڤیندارم لەسـاڵی 2002، گۆرانی سـێیەم لەسـاڵی 2004 بەنـاوی گرتییێ چاڤێن تەمـە، دوا گۆرانیش لەگەڵ دڵنیا قەرەداغی بوو لەساڵی 2008. واتە لە 10 ساڵدا تەنیا چوار گۆرانیم هەیە.

***چۆن توانیت بوونی خۆت بسـەلمێنی تەنیا بەو چوار گۆرانیە لەماوەی ئەو 10 ساڵەدا؟**

_بەڵێ، پێموایە كەس ناتوانێت بە چوار گۆرانی لەماوەی 10 سـاڵ بوونی خۆی بسەلمێنێت وەك من، ئەو جەماوەرەشی هەبێت وەك من ئەمە كارێكی زۆر گران و سەختە.

***گلەییت هەیە لەتیڤیە كوردییەكان سەبارەت بە بڵاوكردنەوەی گۆرانیەكانی تۆ؟**

_كەناڵەكانی ڤین تی ڤی و كۆرەك و جەماوەر و ئەلشەرقیە كلیپەكانم زۆر بەباشی بڵاو دەكەنەوە و زۆر لێیان رازیم، بەڵام كوردسات كلیپی من بڵاو ناكاتەوە نازانم بۆ، ساڵی 2008 كلیپی خۆم و دڵنیام نارد بۆ كوردسات رەتیان كردەوە و پەخشیان نەكـرد، كەناڵەكانی دیكە بـڵاوی دەكەنەوە و ئەوان نا، من تێناگەم. لەوانەیە كێشەیان لەگەڵ دڵنیا قەرەداغی هەبێت، كوردسات لە ئەلشەرقیە ناسراوتر نییە كە كەناڵێكە لەسەر ئاستی وڵاتە عەرەبیەكان ناوبانگی هەیە، ئەگەر بڵێن بەهۆی خراپی مۆنتاژ و وێنەگرتنە ئەی بۆ ئەلشەرقیە و كـۆرەك و ڤین بڵاوی دەكەنـەوە. نەمبینیوە رۆژێك دڵنیا قەرەداغـی بچێتە بەرنامەیەكی كوردسات بۆیە لەوانەیە بەو هۆیەوە بێت.

***لەو چوار گۆرانیەی باسـت كـرد كامەیان لەهەموویان زیاتر جەماوەر پێشـوازی لێكرد و پێیان خۆش بوو؟**

_گرتییـێ چاڤێت تەمە و گۆرانی من و دڵنیا قەرەداغی. پێموایـە زۆر باش جێگەی خۆیان لەناو دڵی جەماوەر كردەوە.

***نهێنی ئـەو هاورێیەتیە بەهێزە چییە لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندان؟**

_لەژیانی ئاسـایی رۆژانەم زۆر برادەرم هەیە، لەزۆربەی شارەكانی كوردسـتان. لەگەڵ هونەرمەندانیش هاورێیەتیم زۆر بەهێزە.



***هـەر سـەبارەت بـە ئەلبوومەكە، ئـاواز و هۆنراوەكانی هی كێن؟**

_چوار ئاواز هی خۆمە، ئاوازێك هەڤاڵ ئیبراهیم، دوو ئاواز عەبدولقەهار زاخۆیی، ئاوازێك نۆژدار محەمەد تاهر، ئاوازێك عیماد عەلی و ئاوازێكی تر نیهاد عەلی، هۆنراوەكانیش لەلایەن ئەحمەد هەسـەنی، بەیار باقی، عەبدولقەهار زاخۆیی، نۆژدار محەمەد تاهر، هەڤاڵ زاخۆیی، عومەر ئەركان هەروەها دوو گۆرانیش لەلایەن خۆمەوە نووسراون و هۆنراوەیەكی دیكەش لەلایەن دكتۆر بەدرخان سندی.

***تەنیـا 13 گۆرانیت لەبەردەسـت دابوو یان زیاتر بوون ژمارەی گۆرانیەكان؟**

-نزیكەی بیست و پێنج تا سی گۆرانیم هەیە و ئەوانم هەڵبژارد. ئەوە چەند سـاڵە تاكو بڕیارم داوە ئەو گۆرانیانە هەڵبژێرم.

***رای كەسـت وەرگرت بـۆ هەڵبژاردنی ئەو گۆرانیانە؟**

_رای خـۆم، هەروەهـا رای هاورێكانـم و هونەرمەنـدان لە زاخۆ و دهـۆك و هەولێر و تەنانەت سـلێمانیش. لەوانە سەمیر زاخۆیی، عەبدولقەهـار زاخۆیی، ئاڤـان جەمال، بڵند ئیبراهیم، هەڤاڵ ئیبراهیم و گۆران سـاڵح و زۆر هونەرمەندی تر.

***داوات لێنەكراوە بۆ پێشكەشكردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ئایا ئامادەی بەرنامە پێشكەش بكەی؟**

_داوام لێكـراوە لەلایەن تەلەفزیۆنێكی ناوخۆ لەشاری زاخۆ، هەروەها لەلایەن كۆرەك تیڤی جارێك ئارامۆ وتی بۆ بەرنامەیەك پێشـكەش ناكەی؟ بەڵام ئێستا ئەوە لەبەرنامەم دا نییە.

***خۆت وەك هونەرمەندێكی چۆن دەبینی؟**

_ئەوە لەسـەر جەماوەر دەمێنێتـەوە، ئەگەر هونەرمەندێك جەماوەری زۆر بێت، بەدڵنیاییەوە هونەرمەندە. ئەگەر جەمـاوەری نەبێت، ئەوا هونەرمەنـد نییە. من ئێسـتاش دەڵێم زۆری ماوە ببم بە هونەرمەند. لەبەر ئەوەی جیهانی هونەری دەریایەكی زۆر گەورەیە. من حەزدەكەم ببم بە هونەرمەند. ئەوە وەڵامە بۆ ئەوانـەی لە كۆڵان و لە شـایی گۆرانی دەڵێن و بەخۆیـان دەڵێـن هونەرمەند. جەماوەریان نییە و لە موزیك نازانن. هەموو كەس دەتوانێت گۆرانی بڵێت، بەڵام گرنگ ئەوەیـە بتوانێـت داهێنان بـكات و جەمـاوەر پێی خۆش بێت.

# بۆ خاتری مێردەکەی کاترین ڕۆڵی پاڵەوان ڕەت دەکاتەوە



بە مەبەستی یارمەتیدانی مایکڵ دۆگلاسی هاوسەری و سەرپەرشتی کردنی چارەسەری لە شێرپەنجە، خانمە ئەکتەری بەریتانیایی کاترین زیتا جۆنز ڕۆڵی پاڵەوانی لە فیلمێکی نوێ دەربارەی ژیانی (ڤیڤیان لی ) ڕەت کردەوە، سەرپەرشتیارانی فیلمەکە ئەم هەڵوێستەی کاترینیان بەرز نرخاند بەتایبەتی ئێستا کە مایکڵی هاوسەری تەندروستی بەرەو باشتر دەچێت و پێویستی بەوەیە کاترین لێی دوورنەکەوێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، هەروەها ڕۆڵەکەش بەو گرنگییە نییە هەرچەندە ڕۆڵی پاڵەوانیشی تێدا دەبینێت.

کچە نمایشکاری جلوبەرگی بەریتانی کیت موس ڕایگەیاند: دوای ئەوەی لە ساڵی 2005 هەندێك لە ڕۆژنامەکان وێنەیان بڵاوکردەوە لەکاتی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لەگەڵ بیت دویرتی هاوڕێی، لەو کاتەوە هەست دەکات ئەو ڕوداوە بۆتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ کارەکانی و کاری زیاتری ئەنجامداوە.

هەندێك کەسی نزیك لە مۆس لەم بارەیەوە دەڵێن : ئەم ڕووداوە خانەکانی کریستیان دیۆر و ریمیل ورووژاند و بۆ مەبەستی سوود وەرگرتنی ماددی لە ناوەکەی بەکاریانهێنا، چونکە ئەم ڕووداوە زەحمەتە جارێکی تر دووبارە ببێتەوە، هەر دوای ئەم ڕووداوە فیلیپ گرین بیزنسمانی بەناوبانگی جیهانی تەبەنناى کرد بۆ سوود وەرگرتن لە تواناکانی ئەویش سوود لە شارەزایی فیلیپ وەرگرت لە کاری بازاڕدا و لەو کاتەوە هەر مارکەیەکی ناوی کیت موسی بەسەرەوە بێت لەلایەن هەرزەکارانی بەریتانیاوە پەسەندە.





# ڕێگە نەدرا مریام فارس بچێتە ئەمریکا

وا بڕیار بوو لە 16ی ئەم مانگە ئەستێرەی لوبنانی مریام فارس کۆنسێرتێك لە ئەمریکا ساز بکات بە هاوبەشی لەگەڵ ئەستێرەی میسری عەمرو دیاب،بەڵام گرفت بۆ خۆی و گروپی مۆسیقای تایبەتی خۆی درووست بوو و ڕێگایان پێنادرێت بچنە ئەمریکا. مریام فارس نیگەرانی خۆی دەربڕی و ڕای گەیاند کە ئارەزووی دەکرد ئەو کۆنسێرتە ساز بکات لە ئەمریکا و هەوڵ ئەدات بەهەر شێوەیەك بێت چارەسەری ئەو گرفتە بکات و بتوانێت لە لاس فیگاس گۆرانی بڵێت.

# دوای ئابڕوچوونی بازاڕی گەرمترە



# ئەیوب عەلی

## ونبوونی خۆی بە بەرهەمێکی نوێ دەردەخات



***هونەرمەندی لاو خاوەن ستایل و شێوازێکی تایبەتە لە گۆرانی گوتندا کە پێی ناسراوە و زۆریش لەمجۆرە ستایلەیدا سەرکەوتوو بووە، هەرچەندە خەڵکی شاری هەولێر نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەولێر قوتابی کۆلێژی ئەندازیاری بوو، بۆیە ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە و هەر لەوێش سەرەتاکانی هاتنە نێو جیهانی هونەریی دەستپێکرد و ئاشنایی لەگەڵ چەند هونەرمەندێك پەیدا کرد کە هاوکار بوو بۆ ئەوەی زیاتر بێتە ناو جیهانی هونەر، هەر لەکارە سەرەتاییەکانیدا توانی سەرکەوتوو بێت و ببێتە یەکێك لەو هونەرمەندانەی کە جەماوەر تەقەبولی گۆرانییەکانی بکەن، بۆیە چەند بەرهەمێکی بڵاو کردەوە کە ئێستاش گۆرانییەکانی زیندوون، ئێستاش دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمی مۆم لەخۆ ئامادەکردندایە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ، هونەرمەند ئەیوب عەلی لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.***

*** لەرۆژانی ئاساییت چەند کاتژمێر لەکاتی خۆت بۆ هونەر تەرخان دەکەیت؟**

-هەموو رۆژەکان بۆ کات بەسەر بردن و بەرپرسیارێتی جیاوازن. هەر رۆژەو بەشتێک خەریکم، بەڵام هیچیان لەکاری هونەری بەدەر نین، چونکە هونەر بە بەردەوامی لە رۆحمدا دەژیت.

***جگە لە گۆرانی و مۆسیقا بە چیترەوە خەریکی؟**

ساڵانێکی زۆری پێشوو لە فەرمانگەیەکی پەنابەری کارم دەکرد بۆ خزمەتی پەنابەران، بەڵام لە ئێستادا تەنیا سەرقاڵی کاری هونەریم.

*** تۆ ئەندازیاری لە هەمان کاتیشدا گۆرانیبێژی، ئایا هیچیانت بەقوربانی ئەویتر نەکردووە؟**

-لە کۆلیژی ئەندازیاریەوە من ئاشنای جیهانی مۆسیقا و گۆرانی بووم، هەر لەوێشەوە دۆستایەتم لەگەڵ چەندین هونەرمەند دروست کرد، بەڵام دیارە مۆسیقا و گۆرانی بەشێک بووە لە رۆحم، بۆیە توانی خۆی بسەپێنێتە سەر دنیای ئەندازیاری، بەلام پێموانیە ئەندازیاری بەشێک نەبێت لەهونەر.

*** بۆچی دوای بەرهەمی مۆم بێ دەنگ بووی؟**

- خۆم زۆر حەز بە دەرکەوتن ناکەم لە دەزگا راگەیاندنەکاندا. پێموایە کاری من زیاتر خزمەتکردنە نەک دەرکەوتن! دوای بەرهەمی مۆم زۆر سەرقاڵی بەرهەمی نوێم، تاوەکو ئێستا هەمیشە تواناکانی خۆم بۆ بەرهەمێکی نوێ کۆکردۆتەوە کە لەداهاتوویەکی زوودا ونبونی خۆم بەچەند بەرهەمێکی نوێ دەردەخەم.

*** حەزدەکەین بە راشکاوی بیروبۆچۆنی خۆتمان بۆ دەربڕی دەربارەی راگەیاندنی کوردی و خزمەتکردنی بە هونەری کوردی بەتایبەتی ئێستا چەندین**

**رۆژنامەو گۆڤاری هونەری دەردەچن؟**

- زۆربوون و بەرفراوانبوونی راگەیاندنی کوردی شتێکی باشە و هێمای دیموکراسی ئەو وڵاتە نیشان دەدات. بەڵام بەداخەوە ئەوانەی لە خزمەتی هونەری کوردین لە پەنچەکانی دەست دەرناچن. بە هیوام کارەکان لەسەر ئاستی چۆنیەتی بن نەک چەندایەتی.

*** هەمیشە هونەرمەندان داوادەکەن کە کۆپی کردن و پێشێلکردنی مافەکانیان بووەستێت. پێتوایە ئەم بارودۆخە تاکەی بەردەوام دەبێت؟ پێتوایە چارەسەری بنەڕەتی تەنیا بە بڕیاری پەرلەمان دەبێت؟**

- ئەوە یەکەمجار بێت ئەم پرسیارەم ئاراستە بکرێت و منیش چەندین جار وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانەم داوەتەوە. کۆپیکردن و مافی هونەرمەندان کارێك نییە تەنیا بەرپرسیارێتی حکومەت و پەرلەمان بێت، بەڵکو ئەوە بەرپرسیارێتی خەڵکیشە. دەبێت ئاستی بەرپرسیارێتی خەڵک بگاتە ئەو ڕێژەیە کە بەبێ هیچ بڕیارێکی پەرلەمان و حکومەت خۆیان پاڵپشت و هاندەری هونەرمەندان بن. ئەوە خەونێکی منە کە میللەت و هونەردۆستانی ئێمە بگەنە ئاستی خەڵکانی بەرپرس وەک وڵاتانی دنیا.

***زۆر لە هونەرمەندانی بێگانە لەرێگەی کۆمپانیا بازرگانییەکانەوە دێنە کوردستان و ئاهەنگ ساز دەکەن و ئەو جەماوەرەی ئامادەی ئاهەنگەکان دەبن زۆربەی کوردنین. پێتوایە سەردانی هونەرمەندای تورک و فارس و عەرەب چی دەبێت لەسەر هونەر و هونەرمەندانی کورد؟**

- پێموایە دیاردەی هاتنی هونەرمەندانی بێگانە بۆ کوردستان کارێکی زۆر ئاساییە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەو جیاوازیە زۆر بەروونی دەبینم لەنێوان جەماوەری خۆمان و جەماوەری بێگانە لەرووی کڕینی بەرهەم و ئامادەبوونیان لە کۆنسێرتەکانتاندا. پێموانیە هیچ زیانێکیان هەبێت لەسەر تاموجێژی بیستنی کورد. خەڵک ئازادە حەز بەچی دەکات و چی رەت دەکاتەوە.

*** ئایا چیرۆکی گۆرانیەکانی ئەیوب عەلی رەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی؟**

- زۆربەیان لەناخی خۆمەوە هەڵدەقوڵێن و هەندێکیشیان رەنگدانەوەی عاشقانی کوردە.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە گۆرانیەک بە دوێت لەگەڵ خانمە گۆرانیبێژێکی کورد بڵێیت؟**

- بەڵێ زۆر بیرم لەوە کردۆتەوە، بەڵام پێموانیە ئەوە کارێکی وا ئاسان بێت. هە میشە حەزم بەمکارە کردووە، بەڵام پێموایە هەموو شتێک کاتی خۆی هەیە.

***موژدەی چیت هەیە بە عاشقان و بیسەرانی خۆت بگەیەنیت؟**

-ئەلبومێکی نوێم لەبەر دەستە کە لەماوەیەکی زۆر نزیک دەگاتە بەر دەست و گوێی هەوادارانم کە زۆربەی هۆنراوەو ئاوازەکانی هی خۆمن، پێموایە ئەوجارە وەڵامی خواست و داواکاری گوێگرە خۆشەویستەکانم دێنمە دی، کە هەمیشە داوام لێدەکان کە کار لەسەر ئاواز و تێکستی خۆم بکەم.






www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com